ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات



# نزا گشتگیرەکان

كردي

کوردی سۆرانی

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

شركاء التنفيذ :

دار الإسلام | بيان الإسلام | رواد التراجم | المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص

Tel : +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245-2836
www.islamiccontent.org

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

# یەکەم: نزاکان لە قورئاندا.

1. پەروەردگارا کار وکردەوەکانمان لێ وەربگرە و لە ڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی بیسەرو زانایت
2. وتەوبە و پەشیمانیمان لێ وەربگرە، بێگومان تۆ خوایەکی بەخشندە ومیهرەبانی.
3. پەروەردگار لە دونیادا چاکەمان پێ ببەخشە وە لە دوا ڕۆژدا چاکەمان پێ ببەخشە وە لە سزای ئاگر بمانپارێزە.
4. پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهـ و هەڵەیەکمان ئەنجامدا



5 پەروەردگارا؛ ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا.

6 ئەی پەروەردگارمان بەڵای وامان بەسەردا مەهێنە کە بۆمان هەڵنەگیرێت وە گوناهەکانمان بسڕەوە، وە لێمان خۆشبە وە میهرەبانیمان لەگەڵدا بکە هەر تۆی یاریدەدەر و پشتیوانمان کەواتە سەرمان بخە بەسەر گەلی بێ بڕوایاندا.



7 ئەی پەروەردگارمان لای مەدە (لە ڕێی ڕاست) دڵەکانمان دوای ئەوەی کە ڕێنمونیت کردین وە پێمان ببەخشە لە لای خۆتەوە بەزەییەك (میهرەبانیەك) بەڕاستی هەر تۆی بەخشندە.

8 پەروەردگارا، بەڕاستی ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە، دە لە گوناهەکانمان خۆش ببە و لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

9 پەروەردگارا نەوەی چاك و پاکم پێ ببەخشە، بەڕاستی تۆ بیسەری دوعا و نزایت.

10 ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا بەوەی کە ناردووتەتە خوارەوە، وە پەیڕەوی پێغەمبەری تۆمان کرد دەی خوایە ناومان تۆمار بکە لە لیستی بڕواداراندا.

11 پەروەردگارا لە گوناه و هەڵەکانمان ببورە و لە زیادەڕەوی کاروبارمان خۆش ببە، دامەزراومان بکە، سەرمان بخە بەسەر گەلی بێباوەڕدا.

12 پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج نەخوڵقاندووە، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.

13 ئەی پەروەردگارمان هەرکەس تۆ بیخەیتە ئاگری دۆزەخەوە ئەوە بێگومان ڕیسوات کردووە، وە هیچ پشتیوانێک نیە بۆ ستەمکاران.

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

14 ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە گوێمان لە بانگخوازێك بوو (مەبەست پێ پێغەمەمبەری خودایە) بانگی ئەكرد بۆ بڕواهێنان (دەی ووت) بڕوا بێنن بە پەروەردگارتان دەست بەجێ بڕوامان هێنا؛ ئەی پەروەردگارمان دەی لە گوناهەكانمان خۆش ببە وبیسڕەوە بۆمان خراپەكانمان و بمان مرێنە لەگەڵ كەسانی چاكەكاردا.

15 ئەی پەروەردگارمان پێمان ببەخشە (لە پاش مردن) ئەوەی بەڵێنت پێ داین لەسەر زوبانی پێغەمبەرەكانت و ڕیسوامان مەكە لە ڕۆژی دوایی دا بێگومان تۆ بەڵێن ناشكێنیت.

16 پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان كرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پیاماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین.

17 پەروەدگارا مەمانگێڕە لەگەڵ دەستەی ستەمكاراندا.

18 خودام بەسە لەهەموو كاروبارێكمدا، و هیچ پەرستراوێكیش نییە كە شایستەی پەرستن بێت بە هەق وڕاست جگە لە ئەو، و پشت و تەوەكولم بە ئەو بەستووە و ئەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە.

19 پەروەردگارا مەمانگێڕە بە هۆكاری سەرگەردانی قەومی ستەمكاران، وە ڕزگارمان بكە بە بەزەیی خۆت لە دەست كۆمەڵی بێ بڕوایان.

20 پەروەردگارا، هێمنی و ئاسایش بكێشە بەسەر ئەم شار و وڵاتەدا و خۆم و نەوەكانیشم بپارێزە لەوەی كە بتەكان بپەرستین.

21 ئەی پەروەردگارم من و ڕۆڵەكانم وا لێ بكەیت بە چاكی نوێژەكان ئەنجام بدەین، ئەی پەروەردگارمان پاڕانەوە و نزاكەم وەرگرە.

22 ئەی پەروەردگارمان لە من و باوكم و دایكم و هەموو بڕواداران ببورە و خۆش ببە لە ڕۆژێكدا كە لێپرسینەوە دەكرێت و بەرپا ئەبێت.



23 پەروەردگارا لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەت و میهرەبانی تایبەتیمان پێ ببەخشە و لە سۆزی خۆت بەهرەوەرمان بکەو ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازیمان بۆ بسازێنە لەم کارەماندا.

24

## پەروەردگارا سینە و دڵ و دەروونم ئاسوودە وشاد بکە، وە ئیش و کارم بۆ ئاسان بکە.

25

پەروەردگارا، بەردەوام زانست و زانیاری زۆرترو زیاترم پێ ببەخشە.

26

هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق جگە لە تۆ، پاکی وبێگەردی بۆ تۆیە ئەی خوایە، وە بێگومان من لە ستەمکاران بووم.

27 پەروەردگارا؛ من بە تەنها مەهێڵەرەوە (نەوەیەکی چاك و پاکم پێ ببەخشە) تۆیش چاکترین زاتێکی لە پاش من و هەموو مردوویەك دەمێنیتەوە.

28 پەروەردگارا من پەنا دەگرم بە تۆ لەهەموو خەتەرە و خەیاڵ و وەسوەسەی شەیتانەکان، وە پەنات پێ دەگرم لەوەی (شەیتانەکان) ئامادەبن لام (سەرم لێ بشێوێنن).

29 پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕی دامەزراومان بە زاتی تۆ هێناوە، دە لێمان خۆش ببە و ڕەحممان پێ بکە چونکە تۆ چاکترین زاتێکی کە لە هەموو خاوەن ڕەحم و سۆزەکان میهرەبانتریت.

30 پەروەردگارا؛ لە گوناهو هەڵەکانم خۆش ببە و ڕەحمم پێ بکە چونکە تۆ لە هەموو میهرەبانان میهرەبانتریت.

31 ئەی پەروەردگارمان سزای دۆزەخمان لێ دوور بخەرەوە بەڕاستی سزای ئەو (دۆزەخە) لانەچووی بەردەوامە. بەڕاستی ئەو دۆزەخە شوێن و نیشتەجێیەکی زۆر ناخۆش و ناسازە (ئاهو ناڵە و پەشیمانی بێ سنوورە تیایدا).

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com



32 پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادی دڵمان و بمان کە بە پێشەوا بۆ خواناسان.

33 پەروەردگارا، یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕۆح وگیانم کۆ بکەرەوە، تا سوپاسگوزاری نازو نیعمەتەکانت بم کە بەسەر من و دایك وباوکمدا ڕژاندووتە، هەروەها کۆمەکیم بکە تا کار وکردەوەی چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازیی بیت و بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانەوە.

34 پەروەردگارم بەڕاستی ستەمم لە خۆم کرد لێم ببوورە و بمبەخشە.

35 پەروەردگارا لە دەست قەومی ستەمکار ڕزگارم بکە.

36 ئومێدەوارم کە پەروەردگارم ڕێنموویم بکات بۆ شوێن و جێگەیەکی ڕاست و دروست (دوور لە کێشە و ناخۆشی).

37 پەروەردگارا بەڕاستی تۆ خێر و بێری زۆرت بەسەردا ڕژاندووم، بەڵام هێشتا هەژاری بەخششی زیاترم.

38 ئەی پەروەردگارم منالێکی چاکم پێببەخشە.

39 پەروەردگار کۆمەکیم بکە و یارمەتیم بدە تا شوکرانە بژێر و
سوپاسگوزاری ئەو ناز و نیعمەتانە بم کە بە من و دایک و
باوکمت بەخشیوە، هەروەها یارمەتیم بدە لەو جۆرە کار وکردە
وە چاکانە ئەنجام بدەم، کە تۆ پێی ڕازیت، داواکاریشم چاکە
بڕوێنیت لە ناو نەوەکانمدا لەبەر قازانجی خۆم (چاکەی هەرکە
س بەشی دایک و باوکی تیادایە) بەڕاستی من گەڕاومەتەوە بۆ
لای تۆ، تا لە گوناهەکانم خۆش بیت و من لە موسڵمانانی
گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم.



40 پەروەردگارا، هەر پشتمان بە تۆ بەستووە و هەر بۆ لای تۆش گە
ڕاوینەتەوە، سەرەنجامیش هەر بۆ لای تۆیە.

41 پەروەردگارا لە ئێمە و لەو برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە
ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر و لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغز و کینە
یەک مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، پەروە
ردگارا تۆ بەڕاستی بەسۆز و بەخشندە و میهرەبانیت.

42 ئەی پەروەردگار نەمان کەیت بە هۆکاری گومڕایی ئەوانەی بێ
باوەڕ بوون وە لێمان خۆشبە ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی هەر
تۆیت زاڵ وباڵادەست وکاربەجێ.

43 پەروەردگارا ئەم نوور و ڕوناکیەمان بۆ زیاد بکە و لێمان خۆش ببە، چونکە بە
ڕاستی تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

# دووەم: نزاكان لە سوننەتی نەبەوی:

1 «اللَّهمَّ إنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ النَّارِ وَعَذَابِ النَّارِ، وَفِتْنَةِ الْقَبْرِ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ، وَشَرِّ فِتْنَةِ الْغِنَى، وَشَرِّ فِتْنَةِ الْفَقْرِ» واتە: «خودایە؛ پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیكردنەوەی ئاگری دۆزەخ، ولە سزای ئاگری دۆزەخ، ولە تاقیكردنەوەی نێو گۆڕ، ولە سزای نێو گۆڕ، ولە شەڕ وخراپەی تاقیكردنەوە بە دەوڵەمەندی، ولە شەڕ وخراپەی تاقیكردنەوە بە هەژاری».



2 «اللَّهمَّ إنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ» واتە: «خودایە من پەنات پێدەگرم لە فیتنە وتاقیكردنەوەی مەسیحی دەجال».

3 «اللَّهمَّ اغْسِلْ قَلْبِي بِمَاءِ الثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّ قَلْبِي مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَبَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ» واتە: «خودایە دڵم بشۆرەوە (لە گوناهەكانم) بە ئاو وبەفر وتەرزە، ودڵم پاك بكەرەوە لە گوناهەكان هەروەكو چۆن جلی سپی لە چڵك و پیسی پاك دەكرێتەوە، ودووری بخەرە نێوان من وگوناهەكانم وەكو دووری نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا».

4 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَالْهَرَمِ وَالْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ» واته: «خودایه پەنات پێدەگرم لە تەمەڵی وپیربوون وتاوان وقەرزداری».

5 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ، وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ، وَالْهَرَمِ، وَالْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ» واته: «خودایە؛ پەنا بە تۆ دەگرم لە بێدەسەلاتی وتەمبەڵی وترسنۆكی وپیری ورەزیلی، وپەنا بە تۆ دەگرم لە سزای نێو گۆڕ، وپەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیکردنەوەی ژیان و مردن -کاتی سەرەمەرگ وپرسیارەکانی ناو گۆڕ-».



6 «اللهمَّ إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ جَهْدِ الْبَلَاءِ، وَدَرَكِ الشَّقَاءِ، وَسُوءِ الْقَضَاءِ، وَشَمَاتَةِ الْأَعْدَاءِ» واته: «خودایە پەنات پێدەگرم لە بەڵا وتاقیکردنەوەی سەخت ونارەحەت، ولە قووڵی لێقەومان ومەینەتی، ولەقەزای خراپ، ولە دڵخۆشبوونی دوژمنان -بەهۆی ناخۆشیەکانمەوە-».

7 «اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ» واته: «خودایە ئایینەکەم چاك بکە کە بڕبڕەی پشتی کارەکانمە، ودونیاشم بۆ چاك بکە کە ژیانمی تێدایە، وقیامەتیشم بۆ چاك بکە و گەڕانەوەم هەر بۆ ئەوێیە، وژیانم بۆ بکە بە هۆکاری زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەك، ومردنم بۆ بکە بە هۆکاری حەسانەوە لە هەموو شەڕ وخراپەیەك».

8 «اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى» واته: «خودایە، من داوای هیدایەت، وتەقواداری، وداوێن پاکی، ودەوڵەمەندیت لێدەکەم».

9 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ، وَالْهَرَمِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ» واتە: «خودایە؛ پەنا بە تۆ دەگرم لە بێدەسەڵاتی وتەمبەڵی، ولە ترسنۆکی وڕەزیلی، ولە پیری وسزای نێو گۆڕ».

10 «اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا» واتە: «خودایە؛ ویستی خۆپاراستن لە تاوان ببەخشە بە ناخ ودەروونم، وپاك وخاوێنی بکەرەوە لە ویستی تاوان وخراپە کردن چونکە تۆ باشترین کەسیت کە خاوێنی بکەیتەوە، خوایە؛ تۆ سەرپەشتیار وخاوەنی ناخ ودەروونمی».



11 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا» واتە: «خودایە؛ من پەنات پێدەگرم لە زانستێك كە سوودی نەبێت، ولە دڵێك كە لە تۆ نەترسێت، و لە نەفس ودەروونێك كە تێر نەبێت، ولە پاڕانەوەیەك كە وەڵام نەدرێتەوە».

12 «اللَّهُمَّ اهْدِنِي وَسَدِّدْنِي» واتە: «خودایە داوای هیدایەت وجێگربوون وبەردەوامی لە تۆ دەكەم لەسەر ڕێگای ڕاست -لەسەر ئیستیقامەت-».

13 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ» واتە: «خودایە پەنات پێدەگرم: لە نەمانی نیعمەتەكانت لەسەرم، ولە نەمانی لەش ساغی، و لەناكاوی سزاكانت، ولە هەموو تووڕەییەكت».

14 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَمِلْتُ، وَمِنْ شَرِّ مَا لَمْ أَعْمَلْ» واتە: «خوایە؛ من پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەو كردەوانەی كردوومە، وە لە خراپەی ئەو كردەوانەیش كە نەمكردووە».

15 «لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ، وَرَبُّ الْأَرْضِ، وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ» واتە: «هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە ی مەزن وبەخشندە، هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە؛ پەروەردگاری مەزن وخاوەنی عەرشی گەورە، هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە؛ پەروەردگاری ئاسمانەكان وزەوی و خاوەنی عەرش گەورە».

16 «اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ» واتە: «خودایە ئومێدم بە ڕەحم و بەزەیی تۆ هەیە، و بە ئەندازەی چاو تروكاندنێكیش خۆم نەدەیتە دەستی خۆم و كار و باریشم بە چاكە بگێڕە، هیچ پەرستراوێك نییە كە شایستەی پەرستن بێت بە هەق وڕاستی جگە لە تۆ».

17

«اللّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ابْنُ عَبْدِكَ ابْنُ أَمَتِكَ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي، وَنُورَ صَدْرِي، وَجَلَاءَ حُزْنِي، وَذَهَابَ هَمِّي» واته: «خوایه؛ من بەندەی تۆم ، و کوڕی پیاوێکم کە بەندەی تۆیە ، وە کوڕی ئافرەتێکم کە بەندەی تۆیە ، نێوچاوانم لە دەستی تۆدایە ، حوکمی تۆ بەسەرمدا پەیڕەوکراوە ، بڕیاری تۆ بەسەرمدا ڕاست و دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم بە هەموو ناوێك کە ناوی خۆتت پێ ناوە ، یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت ، یان داتبەزاندووە لە کتێبەکەتدا ، یان تایبەتت کردووە بە خۆتەوە لە زانستی غەیبدا لای خۆت ، کەوا قورئان بکەیت بە بوژانەوەی دڵم و ڕووناکی سینگم و هەڵگری پەژارەم و لابەری غەمم».

18 «اللَّهُمَّ مُصَرِّفَ الْقُلُوبِ صَرِّفْ قُلُوبَنَا عَلَى طَاعَتِكَ» واته: «ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان لە ژێر ڕکێفی تۆدان؛ دڵمان جێگیر بکە وهەڵبیگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنی خۆت».

19 «يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ، ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ» واته: «ئەی ئەو زاتەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە دڵم جێگیر بکە لە سەر ئاینەکەت».

20 «اللَّهمَّ إني أسألُكَ العَافِيَةَ في الدنيا والآخِرةِ» واته: «خودایە من داوای سەلامەتبوون ورزگاربوون -عافیەت- لە تۆ دەکەم لە دونیا وقیامەت».

21 «اللهمّ أحْسِنْ عَاقِبَتَنَا في الأُمُورِ كُلِّهَا، وَأجِرْنَا مِنْ خِزْيِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ الآخِرَةِ» واته: «خودایە عاقیبەت خێرمان کەیت لە هەموو شتێکدا، وبمانپارێزیت لە ئابڕووچوونی دونیا وسزای قیامەت».

22 «رَبِّ أَعِنِّي وَلَا تُعِنْ عَلَيَّ، وَانْصُرْنِي وَلَا تَنْصُرْ عَلَيَّ، وَامْكُرْ لِي وَلَا تَمْكُرْ عَلَيَّ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرِ الهُدَى إِلَيَّ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ» واته: «خوایە یارمەتیم بدە و یارمەتی کەسیش مەدە لە سەرم ، وە سەرم بخە و کەسیش سەر مەخە بە سەرمدا ، پلانم بۆ دارێژە و پلانیش دامەڕێژە لە سەرم ، وە ڕێنماییم بکە و ڕێنمایی کردنیشم بۆ ئاسان بکە ، وە سەرم بخە بە سەر ئەو کەسەی کە دەست درێژ دەکاتە سەرم».

23 «رَبِّ اجْعَلْنِي لَكَ شَكَّارًا، لَكَ ذَكَّارًا، لَكَ رَهَّابًا، لَكَ مِطْوَاعًا، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوَّاهًا مُنِيبًا» واته: «خوایه وام لێبکه شوکرانەبژێری تۆ بم، زیکری تۆ بکەم، لە تۆ بترسم، گوێڕایەڵی تۆ بکەم، بۆ لای تۆ بگەڕێمەوە، پەروەردگارم تەوبەم لێ قبوڵ بکە».

24 «رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي، وَأَجِبْ دَعْوَتِي، وَثَبِّتْ حُجَّتِي، وَاهْدِ قَلْبِي، وَسَدِّدْ لِسَانِي، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي» واته: «پەروەردگارم تەوبەم لێ قبوڵ بکە، وە تاوانەکانم بشۆرەوە، وە وەڵامی دوعاکانم بدەرەوە، وە بەڵگەکانم جێگیر بکە، وە ڕێنمایی دڵم بکە، وە زمانم ڕاست کەرەوە، وە خراپی نێو دڵم دەربێنە».

25 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ سَمْعِي، وَمِنْ شَرِّ بَصَرِي، وَمِنْ شَرِّ لِسَانِي، وَمِنْ شَرِّ قَلْبِي، وَمِنْ شَرِّ مَنِيِّي» واته: «خوایە من پەنات پێدەگرم لە خراپەی بیستنم، وە لە خراپەی بینینم، وە لە خراپەی زمانم، وە لە خراپەی دڵم، وە لە خراپەی مەنیم -شەهوەتم-[1]».

26 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالْجُنُونِ، وَالْجُذَامِ، وَمِنْ سَيِّئِ الأَسْقَامِ» واته: «خوایه من پەنات پێدەگرم لە گولی، و شێتی، و گەڕی[2]، وە لە خراپترینی دەرد و نەخۆشیەکان».



1- موزهەری دەڵێت: (واتا -پەنات پێدەگرم- لە شەڕ وخراپەی زاڵبوونی مەنی وشەهوەتم بۆ ئەوەی تووشی زینا وسەیر کردنی حەرام نەبم). [قوت المغتذي على جامع الترمذي (2/ 860)].

2- نەخۆشییەکی ناسراوە گۆشت دەخوات وبڵاو دەبێتەوە، والله بمان پارێزێت لەم نەخۆشیە. [شرح سنن أبي داود لابن رسلان (7/ 411)].

27 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ مُنْكَرَاتِ الأَخْلَاقِ وَالأَعْمَالِ وَالأَهْوَاءِ». واتە: «خودایە؛ پەنات پێدەگرم لە هەموو ڕەوشت وکردەوە وئارەزوویەکی ناپەسەند وخراپ».

28 «اللَّهُمَّ إِنَّكَ عُفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي» واتە: «خودایە تۆ لێبووردە وبەخشندەیت ولێبووردنت پێ خۆشە بۆیە لێم خۆشبە».

29

«اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ، وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ، وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي، وَتَرْحَمَنِي، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةَ قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُنِي إِلَى حُبِّكَ» واتە: «خودایە؛ من داوای: ئەنجامدانی کردەوە خێر وچاکەکان، ودووربوون لە کردەوە شەڕ وخراپەکان، وخۆشویستنی هەژارەکان لە تۆ دەکەم، وداوا لە تۆ دەکەم لێم خۆش بیت وڕەحمم پێبکەیت، وئەگەر ویستت خەڵکانێک تاقی بکەیتەوە -لە بیروباوەڕیاندا- من بمرێنە وبەو فیتنەیە تاقیم مەکەرەوە، وداوات لێ دەکەم کە یارمەتیم بدەیت تۆم خۆش بوێت، وئەوانەشم خۆش بوێت کە تۆیان خۆش دەوێت، وئەو کردەوانەشم خۆش بوێت کە لە خۆشەویستی تۆ زیاتر نزیکم دەکەنەوە».

30 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنَ الْخَيْرِ كُلِّهِ: عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الشَّرِّ كُلِّهِ عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ» واتە: «خوایە؛ من داوای هەموو خێرێکت لێ دەکەم لە ئێستا و داهاتوودا ئەوەی کە دەیزانم و ئەوەشی کە نایزانم ، وە پەنات پێ دەگرم لە هەموو خراپەیەک لە ئێستا و داهاتوودا ئەوەی کە دەیزانم و ئەوەشی کە نایزانم».

31 «اللَّهُمَّ إني أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَاذَ بِهِ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ» واتە: «خوایە من داوای ئەو خێرەت لێ دەکەم کە بەندە و پێغەمبەرەکەت داوای لێ کردوویت، وە پەنات پێ دەگرم لەو خراپەیەی کە بەندە و پێغەمبەرەکەت پەنای پێت گرتووە لێی».

32 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ، وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَسْأَلُكَ أَنْ تَجْعَلَ كُلَّ قَضَاءٍ قَضَيْتَهُ لِي خَيْراً» واتە: «خوایە؛ من داوای بەهەشتت لێدەکەم و ئەوەشی کە نزیك کەرەوەیە لێی لە هەر گوفتار و کردارێك، وە پەنات پێ‌دەگرم لە ئاگر و ئەوەشی کە نزیك کەرەوەیە لێی لە هەر گوفتار و کردارێك، وە داواشت لێدەکەم هەر بڕیارێك کە بڕیارت لە سەر داوە بۆم بە خێر بگێڕیت».

33 «اللَّهُمَّ احْفَظنِي بِالإِسْلاَمِ قَائِماً، واحْفَظْنِي بِالإِسْلاَمِ قَاعِداً، واحْفَظنِي بِالإِسْلاَمِ رَاقِداً، ولا تُشْمِتْ بِي عَدُوّاً ولا حَاسِداً» واتە: «خوایە یارمەتیم بدە دەست گرتوبم بە ئیسلامەوە لەکاتێکدا بە پێوەم، خوایە یارمەتیم بدە دەست گرتوبم بە ئیسلامەوە لەکاتێکدا کە دانیشتووم، خوایە یارمەتیم بدە دەست گرتوبم بە ئیسلامەوە لەکاتێکدا کە ڕاکشاوم، وە بە گرفت و غەمی من دوژمن و چاولەسەربووانم خۆشحاڵ مەکە».



34 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ كُلِّ خَيْرٍ خَزَائِنُهُ بِيَدِكَ، وأَعُوذُ بِكَ مِنْ كُلِّ شَرٍّ خَزَائِنُهُ بِيَدِكَ» واتە: «خوایە من داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم کە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە، وە پەنات پێ دەگرم لە هەموو خراپەیەك کە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە».

35 «اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنَا مِنْ خَشْيَتِكَ مَا تَحُولُ بِهِ بَيْنَنَا وَبَيْنَ مَعَاصِيكَ، وَمِنْ طَاعَتِكَ مَا تُبَلِّغُنَا بِهِ جَنَّتَكَ، وَمِنَ الْيَقِينِ مَا تُهَوِّنُ بِهِ عَلَيْنَا مَصَائِبَ الدُّنْيَا» واتە: «خوایە ئەوەندە ترسان لە خۆتمان پێببەخشە کە ببێتە بەربەست لە نێوان ئێمە و سەرپێچی کردنتدا، وە ئەوەندەش لە گوێڕایەڵی کردنت ببەخشە پێمان کە بمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت، وە ئەوەندەیش لە دڵنیایمان پێببەخشە کە ناهەمواریەکانی دونیامان لە سەر ئاسان بکات».

36 «اللَّهُمَّ مَتِّعْنَا بِأَسْمَاعِنَا، وَأَبْصَارِنَا، وَقُوَّاتِنَا مَا أَحْيَيْتَنَا، وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنَّا، وَاجْعَلْ ثَأْرَنَا عَلَى مَنْ ظَلَمَنَا، وَانْصُرْنَا عَلَى مَنْ عَادَانَا، وَلَا تَجْعَلْ مُصِيبَتَنَا فِي دِينِنَا، وَلَا تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا، وَلَا مَبْلَغَ عِلْمِنَا، وَلَا تُسَلِّطْ عَلَيْنَا مَنْ لَا يَرْحَمُنَا» واتە: «خوایە خۆشگوزرانمان بکە بە بیستنمان و بینینمان و توانامان ئەوەندەی کە لەژیاندایـن، وە ئەوانەیش بکە بە میراتگری ئێمە[3]، وە تۆڵە سەندنەوەمان بخەرە سەر ئەوانەی کە ستەممان لێدەکەن، وە سەرمان بخە بە سەر ئەوانەی دژایەتیمان دەکەن، وە ناهەمواریەکانمان نەخەیتە نێو ئاینەکەمانەوە، وە دونیا مەکەرە گەورەترین مەبەستمان و ئامانجی زانستمان، وە کەسێك زاڵ مەکە بە سەرماندا کە بەزەیی پێماندا نەیەتەوە».

37 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ أُرَدَّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ الْقَبْرِ» واتە: «خودایە پەنات پێدەگرم لە ترسنۆکی، پەنات پێدەگرم لە ڕەزیلی، پەنات پێدەگرم لەوەی کە بکەومە تەمەنی پیری و پەککەوتەییەوە، پەنات پێدەگرم لە ئاشوبەی دونیا و سزای ناو گۆڕ».

38 «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي، وَجَهْلِي، وَإِسْرَافِي فِي أَمْرِي، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي هَزْلِي، وَجِدِّي، وَخَطَئِي، وَعَمْدِي، وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِي» واتە: «خوایە لە تاوانەکانم خۆشبە، و لە نەزانینم، و ڕۆچوونم لە کارەکانمدا، و لەوەیش کە تۆ زاناتری پێی لە من، خوایە لێم خۆشبە لەوەی کە بە جدی و لەوەی کە بە گاڵتە کردوومە، و لەوەی کە بە هەڵە ولەوەیش کە بە ئەنقەست کردوومە، وە هەموو ئەوانەیشم هەیە».



3- واتا: هێزی بیستن وبینینمان بەردەوام بێت هەتاوەکو دەمرین لە پاش لاوازبوونی ئەندامەکانی تری لاشەمان. [المفاتيح في شرح المصابيح (3/ 248)].

39 «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، وَارْحَمْنِي، وَاهْدِنِي، وَعَافِنِي، وَارْزُقْنِي» واته: «خودایه لێم خۆش به، ورەحمم پێبکه، وهیدایەتم بده، وعافیەت -سەلامەتم- بکه، ورزقم پێببەخشه».

40 «اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيراً، وَلَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ. فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ» واته: «واته: خودایه بەڕاستی ستەمێکی زۆر و گەورەم له خۆم کردووه و هیچ کەسێکیش له تاوانەکان خۆش نابێت، جگه له تۆ نەبێت، لێم خۆشبه به لێخۆشبوونێك له لایەن خۆتەوه، ڕەحمم پێ بکه بەڕاستی تۆ لێخۆشبوو و میهرەبانیت».



41

«اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ» واته: «خودایە ملکەچی تۆبووم ، وباوەڕم بە تۆ هێنا ، و پشتم بە تۆ بەست و باوەڕم پێت هێنا ، و بۆ لای تۆ گەڕامەوە و بە پشتیوانی تۆ بەرپەرچی دوژمنانم دەدەمەوە».



42 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِعِزَّتِكَ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَنْ تُضِلَّنِي، أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَا يَمُوتُ، وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوتُونَ» واته: «خودایە؛ پەنا تەنها بە شکۆمەندی تۆ دەگرم کە هیچ پەرستراوێکیش نییە کە شایستەی پەرستن بێت بە هەق وڕاستی جگە لە تۆ لەوەی گومڕام بکەیت، تۆ زیندوویت کە هەرگیز نامریت، وجنۆکە ومرۆڤەکان دەمرن».

43 «اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ مُوجِباتِ رَحْمَتِكَ، وَعَزائِمَ مَغْفِرَتِكَ، والسَّلامَةَ مِنْ كُلِّ إِثْمٍ، والغَنِيمَةَ مِنْ كُلِّ بِرٍّ، والفَوْزَ بالجَنَّةِ، والنَّجاةَ مِنَ النَّارِ» واته: «خودایە داوای -وتن وکردنی- ئەو شتانەت لێدەکەم کە دەبنە هۆی ڕەحم کردنت -بە بەندە-[4]، وهۆکارەکانی لێخۆشبوونت[5]، وسەلامەتبوون لە هەموو گوناهێك، و بەدەستهێنانی وسوودمەند بوون لە هەموو چاکە وخێرێك، وبردنەوە بە چوونە بەهەشت، وڕزگاربوون لە دۆزەخ».

44 **«اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، وَوَسِّعْ لِي فِي دَارِي، وَبَارِكْ لِي فِيمَا رَزَقْتَنِي» واته: «خودایە لەگوناهەکانم خۆش بە، وماڵەکەم بۆ فراوان بکە، وئەو ڕزقەی پێم دەبەخشیت بەرەکەتداری بکە».**

45 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ وَرَحْمَتِكَ؛ فَإِنَّهُ لَا يَمْلِكُهَا إِلَّا أَنْتَ» واته: «خودایە داوای فەزڵ وڕەحم لە تۆ دەکەم؛ چونکە تەنها تۆ خاوەنداری ئەوانەیت».

---

4- واتا: ئەو کردەوە وقسە وسیفەتانەی کە بە ئەنجامدانیان هۆکارن بۆ ئەوەی ڕەحمم پێبکەیت. [المفاتيح في شرح المصابيح (2/ 304)]

5- (العزائم): کۆی وشەی (عزیمة)یە، واتا ئەو سیفەت وتایبەتمەندیانەی مرۆڤ پێداگیر دەبێت لەسەری ومەبەستیەتی، واتا: داوات لێدەکەم ئەو سیفەت وڕەوشتانەم پێببەخشیت کە هۆکارن بۆ ئەوەی لێم خۆش بیت. [المفاتيح في شرح المصابيح (2/ 304)]

46 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ التَّرَدِّي، وَالْهَدْمِ، وَالْغَرَقِ، وَالْحَرِقِ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِي الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَوْتِ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَمُوتَ فِي سَبِيلِكَ مُدْبِرًا، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَمُوتَ لَدِيغًا» واته: «خوایە من پەنات پێدەگرم لە کەوتنە خوارەوە، وە لە داڕووخانی شتێك بە سەرمدا، وە لە خنکان و سووتان، وە پەنات پێدەگرم لەوەی کە شەیتان تێکەڵم ببێت و تێکمبدات لە کاتی مردندا، وە پەنات پێدەگرم لەوەی کە بمرم لە کاتێکدا کە پشتم هەڵکردبێت لە تێکۆشان لە پێناوی تۆدا، وە پەنات پێدەگرم لەوەی کە بمرم بە پێوەدراوی».



47 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُوعِ؛ فَإِنَّهُ بِئْسَ الضَّجِيعُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخِيَانَةِ؛ فَإِنَّهَا بِئْسَتِ الْبِطَانَةُ» واته: «خوایە پەنات پێدەگرم لە برسێتی چونکە بەڕاستی برسێتی خراپترین هاوڕێی سەر جێگایە، وە پەنات پێدەگرم لە خیانەت و ناپاکی چونکە بەڕاستی خیانەت و ناپاکی خراپترین پەنهانەکانن».

48 «اللَّهُمَّ إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنَ العَجْزِ، والكَسَلِ، والجُبْنِ، والبُخْلِ، والهَرَمِ، والقَسْوَةِ، والغَفْلَةِ، والعَيْلَةِ، والذِّلَّةِ، والمَسْكَنَةِ، وأعُوذُ بِكَ مِنَ الفَقْرِ، والكُفْرِ، والفُسُوقِ، والشِّقاقِ، والنِّفاقِ، والسُّمْعَةِ، والرِّياءِ، وأعُوذُ بِكَ مِنَ الصَّمَمِ، والبَكَمِ، والجُنُونِ، والجُذامِ، والبَرَصِ، وَسَيِّيءِ الأَسْقامِ» واته: «خوایە من پەنات پێدەگرم لە لاوازی -بێ توانایی-، وتەمەڵی، وترسنۆکی، وچرووکی -ڕەزیلی-، وپیربوون، ودڵ ڕەقی، وبێ ئاگایی، وهەژاری[6]، وسوکبوون، وبێ دارایی وخراپی حاڵ، وپەنا بەتۆ دەگرم لە فەقیری، ولە کوفر، وفاسقیتی، وناکۆکی وپەرتەوازەیی، ودووڕوویی، وهەولدان بۆ دەرکەوتن، وریابازی، وپەنا بەتۆ دەگرم لە کەڕ بوون، ولاڵ بوون، وشێتی، وگولی، وبەڵەکی، ونەخۆشیە کوشندەکان».

6- (العيلة)؛ واتا فەقیری وهەژاری. [المعلم بفوائد مسلم (1/ 279)].




49 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْفَقْرِ، وَالْقِلَّةِ، وَالذِّلَّةِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ أَظْلِمَ أَوْ أُظْلَمَ» واته: «خوایە من پەنات پێدەگرم لە هەژاری ، وە پەنات پێدەگرم لە کەمێتی و سەرشۆڕی ، وە پەنات پێدەگرم لەوەی ستەم بکەم و لەوەیش کە ستەمم لێ بکرێت».

50 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ جَارِ السُّوءِ فِي دَارِ الْمُقَامَةِ؛ فَإِنَّ جَارَ الْبَادِيَةِ يَتَحَوَّلُ» واته: «خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە دراوسێی خراپ لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەردەوام، ودراوسێی دەشتایی ودوور لە شار بەردەوام نابێت».

51 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِن نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِن دُعَاءٍ لَا يُسْمَعُ، وَمِن عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَؤُلَاءِ الْأَرْبَعِ» واته: «خودایە؛ من پەنات پێدەگرم لە دڵێك كە لە تۆ نەترسێت، و لە نەفس ودەروونێك كە تێر نەبێت، و لە پاڕانەوەیەك كە وەڵام نەدرێتەوە، ولە زانستێك كە سوودی نەبێت، خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لەم چوار شتە».

52 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ يَوْمِ السُّوءِ، وَمِنْ لَيْلَةِ السُّوءِ، وَمِنْ سَاعَةِ السُّوءِ، وَمِنْ صَاحِبِ السُّوءِ، وَمِنْ جَارِ السُّوءِ فِي دَارِ الْمُقَامَةِ» واته: «خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە ڕۆژێكی خراپ، ولە شەوێكی خراپ، ولە كاتێكی خراپ، ولە هاوڕێی خراپ، ولە دراوسێی خراپ لە شوێنی نیشتەجێبوون».

53 «اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَسْتَجِيرُ بِكَ مِنَ النَّارِ» واته: «خودایە داوای -چوونە- بەهەشت لە تۆ دەکەم وپەنا بە تۆ دەگرم لە -چوونە نێو- دۆزەخ».

54 «اللَّهُمَّ فَقِّهْنِي فِي الدِّينِ» واته: «خودایە لە ئاین تێگەیشتنووم بکەیت، وزانستم پێ ببەخشیت».

55 «اللَّهُمَّ إنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ أَعْلَمُ» واته: «خودایە پەنا بە تۆ دەگرم کە هاوبەشت بۆ بڕیار بدەم لە شتێکدا کە دەیزانم، وداوای لێخۆشبوونت لێدەکەم لەوەی کە نایزانم».

56 «اللَّهُمَّ انْفَعْنِي بِمَا عَلَّمْتَنِي، وَعَلِّمْنِي مَا يَنْفَعُنِي، وَزِدْنِي عِلْمًا» واته: «خوایە سوودم پێ بگەیەنە بەوەی کە فێرت کردووم، وە ئەوەم فێر بکە کە سوودم پێ دەگەیەنێت، وە زانستم زیاد بکە».

57 «اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا، وَرِزْقًا طَيِّبًا، وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً» واته: «خودایە داوای زانستێکی بەسوود، وڕزقێکی پاک، وکردەوەی قبوڵکراو لە تۆ دەکەم».



58 «اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ يَا أَللَّهُ بِأَنَّكَ الْوَاحِدُ الأَحَدُ، الصَّمَدُ، الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ، أَنْ تَغْفِرَ لِي ذُنُوبِي، إنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ» واته: «خودایە من داوات لێدەکەم ئەی خودایە بەوەی کە تۆ تاک و تەنیا و جێی نیازیت، کەست لێ نەبووە و لە کەسیش نەبوویت و هیچ کەسێکیش هاوشێوە و هاوتای تۆ نییە؛ کە لە تاوانەکانم خۆش بیت، بە ڕاستی تۆ لێبووردە و میهرەبانیت».

59 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنَّ لَكَ الْحَمْدَ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ وَحْدَكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ الْمَنَّانُ يَا بَدِيعَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ، يَا ذَا الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ، يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ، إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ» واتە: «خودایە داوات لێدەکەم بەوەی کە بە ڕاستی ستاییش بۆ تۆیە و هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە تۆ، تاك و تەنیایت و بێ هاوەڵی هەر بۆ تۆیە، تۆیت خاوەنی بەخشین، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی، ئەی خاوەنی شكۆ و ڕێز، ئەی زیندووی هەڵسووڕێنەری بوونەوەر، من داوای بەهەشتت لێ دەكەم و پەنات پێدەگرم لە دۆزەخ».

60 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنِّي أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، الأَحَدُ، الصَّمَدُ، الَّذِي لَمْ يَلِدْ، وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ» واتە: «خودایە داوات لێدەكەم بەوەی كە من شاهێدی دەدەم، كە تۆ پەرستراوی بە هەقیت، هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە تۆی تاك و تەنیا، جێی نیازی خەڵكیت، كەست لێ نەبووە و لە كەسیش نەبویت، و هیچ یەكێكیش هاوشێوە و هاوتای تۆ نییە».



61 «رَبِّ اغْفِرْ لِي، وَتُبْ عَلَيَّ، إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الْغَفُورُ» واتە: «پەروەردگارم لێم خۆشبە، وتەوبەم قبوڵ بکە، تۆ قبوڵکاری تەوبەیت -التواب-یت و لە گوناهەکان خۆشدەبیت -الغفور-یت».

62 «اللَّهُمَّ بِعِلْمِكَ الْغَيْبَ، وَقُدْرَتِكَ عَلَى الْخَلْقِ، أَحْيِنِي مَا عَلِمْتَ الْحَيَاةَ خَيْراً لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا عَلِمْتَ الْوَفَاةَ خَيْراً لِي» واتە: «خودایە داوات لێ دەکەم بەزانیاریت بە نهێنیەکان و بە توانایی خۆت بە سەر دروست کراوەکانتدا؛ بمژیینە تا ئەو کاتەی دەزانیت ژیان باشە بۆم، و بم مرێنە ئەو کاتەی دەزانیت مردن باشە بۆم».

63 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَشْيَتَكَ فِي الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، وَأَسْأَلُكَ كَلِمَةَ الْحَقِّ فِي الرِّضَا وَالْغَضَبِ، وَأَسْأَلُكَ الْقَصْدَ فِي الْغِنَى وَالْفَقْرِ، وَأَسْأَلُكَ نَعِيماً لاَ يَنْفَدُ، وَأَسْأَلُكَ قُرَّةَ عَيْنٍ لاَ تَنْقَطِعُ، وَأَسْأَلُكَ الرِّضَا بَعْدَ الْقَضَاءِ، وَأَسْأَلُكَ بَرْدَ الْعَيْشِ بَعْدَ الْمَوْتِ، وَأَسْأَلُكَ لَذَّةَ النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ، وَالشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ، فِي غَيْرِ ضَرَّاءَ مُضِرَّةٍ، وَلاَ فِتْنَةٍ مُضِلَّةٍ» واتە: «خودایە من داوای ترسانت لێدەکەم لە نهێنی و ئاشکرادا (لە هەموو کاتێکدا)، داوای وشەی ڕاست و ڕەوات لێدەکەم لە کاتی ڕازی بوون و تورەییمدا، وداوای مامناوەندیت لێدەکەم لە دەوڵەمەندی و هەژاریدا، داوای بەخششی نەبڕاوەی -بەهەشتت- لێدەکەم، داوای ناز ونیعمەتی درەوشێنەرەوەی نەپچڕاو و نەبڕاوەت لێدەکەم (خۆشحاڵی و بەختەوەری)، داوای ڕازیبوونت لێدەکەم لە دوای ڕوودانی هەر شتێک، داوای ژیانێکی سارێژکار و خۆشت لێدەکەم لە دوای مردن، داوای چێژی سەیر کردنی ڕووی پیرۆزت لێ دەکەم لە بەهەشتدا و تامەزرۆیی گەیشتنم پێت بە بێ ئەوەی تووشی زیانێکی سەخت وفیتنەیەکی گومڕاکەر ببم».

64 «اللَّهُمَّ زَيِّنَّا بِزِينَةِ الإِيمَانِ، وَاجْعَلْنَا هُدَاةً مُهْتَدِينَ» واتە: «خودایە بمان ڕازێنەرەوە بە جوانی ئیمان و ڕێنمویێنیمان بکە و بمانکە بە ڕێنمونیکار».

65 «اللَّهُمَّ ارزُقني حُبَّكَ، وحُبَّ مَنْ يَنْفَعُني حُبُّهُ عِندَكَ» واتە: «خودایە ڕزقی خۆشویستنت بە من ببەخشە، وخۆشویستنی ئەو کەسەی کە خۆشویستنم بۆی سوودی دەبێت لای تۆ بۆم».

66 «اللَّهُمَّ مَا رَزَقْتَني مِمَّا أُحِبُّ فَاجْعَلْهُ قُوَّةً لِي فِيمَا تُحِبُّ» واتە: «خودایە ئەو ڕزقەی پێمت بەخشیوە لەو شتەی پێم خۆشە بیکە بەهێز بۆم -بۆ کردنی- ئەو شتەی تۆ پێت خۆشە».

67 «اللَّهُمَّ مَا زَوَيْتَ عَنِّي مِمَّا أُحِبُّ فَاجْعَلْهُ فَرَاغاً لِي فِيمَا تُحِبُّ» واتە: «خودایە ئەوەی لێمت دوورخستوەتەوە کە پێم خۆشە، بیکە هۆکارێک بۆئەوەی خۆم تەرخان بکەم بۆ -کردنی- ئەو شتەی تۆ پێت خۆشە».

68 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ، وَالْبُخْلِ، وَسُوءِ الْعُمُرِ، وَفِتْنَةِ الصَّدْرِ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ.» واتە: «خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە ترسنۆکی، ولە ڕەزیلی، ولە شەڕ ولە خراپەی پیربوون، ولە شەڕ وخراپەی دڵ، ولە سزای گۆڕ».

69 «اللَّهُمَّ رَبَّ جِبْرَائِيلَ، وَمِيكَائِيلَ، وَرَبَّ إِسْرَافِيلَ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ حَرِّ النَّارِ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ» واتە: «خودایە پەروەردگاری جبرائیل، ومیکائیل، وپەروەردگاری ئیسرافیل، پەنا بە تۆ دەگرم لە گەرمی دۆزەخ، ولە سزای گۆڕ».

70 «اللَّهُمَّ أَلْهِمْنِي رُشْدِي، وَأَعِذْنِي مِنْ شَرِّ نَفْسِي» واتە: «خودایە ئیلهامی هیدایەتدانم پێببەخشە، وبمپارێزە لە شەڕ وخراپەی نەفسم».

71 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لاَ يَنْفَعُ» واتە: «خودایە داوای زانستێکی بەسوودت لێدەکەم، وپەنا بە تۆ دەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێت».

72 «اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَوَاتِ السبع ، وَرَبَّ الْأَرْضِ ، وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ، رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ ، فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى ، وَمُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْفُرْقَانِ ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الْأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الْآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ ، اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ ، وَأَغْنِنَا مِنْ الْفَقْرِ» واتە: «ئەی خودای پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان وپەروەردگاری زەوی ، وپەروەردگاری عەرشی مەزن ، پەروەردگاری ئێمە وپەروەردگاری هەموو شتێك ، پروێنەری هەمو دانەوێڵەیەك[7] ، دابەزێنەری تەورات وئینجیل وقورئان ، پەنا بە تۆ دەگرم لە زیانی هەرشتێك کە جڵەو ودەسەڵاتی بە دەستی تۆیە . خودایە ، هەر تۆ یەکەمینیت هیچ شتێکت لە پێش تۆوە نییە وهەر تۆیش کۆتایەمینی هیچ شتێك لە دوای تۆوە نییە ، هەر تۆ بەرز ومەزن وبڵندترینیت ، هیچ شتێك لە سەرووی تۆوە نییە ، هەر تۆ نزیکترینیت وهیچ شتێك لە تۆ زیاتر نزیك نییە لە بوونەوەرەکان ، هەر پەنهانیت تەنها تۆ ئاگاداری نهێنیەکانی خەڵکیت ، هیچ شتێك لە تۆ شاراوە نییە ، قەرزاریمان لەسەر هەڵگرە و لە هەژاری ڕزگارمان بکە» .

73 «اللَّهُمَّ أَلِّفْ بَيْنَ قُلُوبِنَا ، وَأَصْلِحْ ذَاتَ بَيْنِنَا ، وَاهْدِنَا سُبُلَ السَّلَامِ ، وَنَجِّنَا مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ، وَجَنِّبْنَا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ، وَبَارِكْ لَنَا فِي أَسْمَاعِنَا ، وَأَبْصَارِنَا ، وَقُلُوبِنَا ، وَأَزْوَاجِنَا ، وَذُرِّيَّاتِنَا ، وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ، وَاجْعَلْنَا شَاكِرِينَ لِنِعَمِكَ مُثْنِينَ بِهَا عَلَيْكَ ، قَابِلِينَ لَهَا ، وَأَتِمِمْهَا عَلَيْنَا» واتە: «خوایە ئاشنایی بخەرە نێوان دڵەکانمانەوە و نێوانمانیش چاك بکە ، وە ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگاکانی ئاشتی و سەلامەتی و ئیسلامەتی ، وە ڕزگارمان بکە لە تاریکاییەکانەوە بۆ ڕووناکی ، وە بە دوورمان گرە لە خراپەکان ئەوەی کە ئاشکرایە و ئەوەیشی کە شاراوەیە ، وە بەرەکەت بخەرە نێو بیستنمان و بینینمان و دڵەکانمان و خێزان و نەوەکانمانەوە ، وە تەوبەمان لێ وەربگرە بەڕاستی تۆ زۆر تەوبە وەرگر و بە بەزەییت ، وە بمانگێرە لەو کەسانەی کە شوکرانەبژێری نیعمەتەکانی تۆن ، ستایشت بکەین لە سەری و قبوڵی بکەین و تەواو و کامڵیشی بکە بە سەرماندا» .

7- واتا: تۆوەکان دەپروێنێت ؛ وگوڵەکان سەردەردەکەن ، وناوکی خورمان دەپروێنێت ؛ وخورمای لێوە دەردەچێت . [المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم (7/ 41)]

74 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ الْمَسْأَلَةِ، وَخَيْرَ الدُّعَاءِ، وَخَيْرَ النَّجَاحِ، وَخَيْرَ الْعَمَلِ، وَخَيْرَ الثَّوَابِ، وَخَيْرَ الْحَيَاةِ، وَخَيْرَ الْمَمَاتِ، وَثَبِّتْنِي، وَثَقِّلْ مَوَازِينِي، وَحَقِّقْ إِيمَانِي، وَارْفَعْ دَرَجَاتِي، وَتَقَبَّلْ صَلاَتِي، وَاغْفِرْ خَطِيئَتِي، وَأَسْأَلُكَ الدَّرَجَاتِ الْعُلاَ مِنَ الْجَنَّةِ» واتە: «خودایە داوای خێرترین وچاکترین داوات لێ دەکەم، وخێرترین وچاکترین نزا، وخێرترین وکاملترین سەرکەوتن، وخێرترین وکاملترین کردەوە، وخێرترین وکاملترین پاداشت، وخێرترین وکاملترین ژیان، وخێرترین وکاملترین مردنت لێ دەکەم، وجێگیر ودامەزراوم بکە، وتەرازووی -چاکەکانم- قورس بکە، وئیمانم بەهێز بکە، وپلەکانم بەرز بکەرەوە، ونوێژەکانم قبوڵ بکە، ولە گوناهەکانم خۆش بە، وداوای پلە بەرزەکانت لێدەکەم لە بەهەشتدا».

75

**«اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فَوَاتِحَ الْخَيْرِ، وَخَوَاتِمَهُ، وَجَوَامِعَهُ، وَأَوَّلَهُ، وَظَاهِرَهُ، وَبَاطِنَهُ، وَالدَّرَجَاتِ الْعُلاَ مِنَ الْجَنَّةِ» واتە: «خودایە داوات لێدەکەم پێم ببەخشی -ئەنجامدانی- سەرەتای کردەوە چاکەکان وکۆتاییان وکۆی هەموویان ویەکەم وکۆتایان وئاشکرا وشاراوەیان وپلە بەرزەکان لە بەهەشتدا».**

76 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ مَا آتِي، وَخَيْرَ مَا أَفْعَلُ، وَخَيْرَ مَا أَعْمَلُ، وَخَيْرَ مَا بَطَنَ، وَخَيْرَ مَا ظَهَرَ، وَالدَّرَجَاتِ الْعُلاَ مِنَ الْجَنَّةِ» واتە: «خودایە داوای خێرترین وکاملترینت لێدەکەم لەوەی ئەنجامی دەدەم -لە هەموو شتێکدا-، وخێرترین لەوەی دەیکەم، وخێرترین لەوەی شاراوەیە ونهێنیە، وداوای پلە بەرزەکانت لێدەکەم لە بەهەشتدا».

77 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ أَنْ تَرْفَعَ ذِكْرِي، وَتَضَعَ وِزْرِي، وَتُصْلِحَ أَمْرِي، وَتُطَهِّرَ قَلْبِي، وَتُحَصِّنَ فَرْجِي، وَتُنَوِّرَ قَلْبِي، وَتَغْفِرَ لِي ذَنْبِي، وَأَسْأَلُكَ الدَّرَجَاتِ الْعُلاَ مِنَ الْجَنَّةِ» واتە: «خودایە داوات لێدەکەم ناوم بەرز بکەیتەوە، ولە گوناهەکانم خۆش بیت، وکاروبارم چاک بکەیت، ودڵم پاک بکەیتەوە، ودامێنم بپارێزیت، ودڵم نور ورۆشندار بکەیت، ولە گوناهەکانم خۆش بیت، وداوای پلە بەرزەکانت لێدەکەم لەبەهەشتدا».

78 «اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ أنْ تُبَارِكَ فِي نَفْسِي، وَفِي سَمْعِي، وَفِي بَصَرِي، وَفِي رُوحِي، وَفِي خَلْقِي، وَفِي خُلُقِي، وَفِي أَهْلِي، وَفِي مَحْيَايَ، وَفِي مَمَاتِي، وَفِي عَمَلِي، فَتَقَبَّلْ حَسَنَاتِي، وَأَسْأَلُكَ الدَّرَجَاتِ الْعُلَا مِنَ الْجَنَّةِ» واته: «خودایە داوات لێدەکەم پیرۆزی وبەرەکەتم پێببەخشیت لە نەفسم، ولە بیستن وبینین وڕۆح ولاشە وڕەوشت وخێزان وژیان ومردن وکردەوەکانم، و کردەوە چاکەکانم قبوڵ بکەیت، ودوای پلە بەرزەکانت لێدەکەم لە بەهەشتدا».

79 «اللَّهُمَّ جَنِّبْنِي مُنْكَرَاتِ الْأَخْلَاقِ، وَالْأَهْوَاءِ، وَالْأَعْمَالِ، وَالْأَدْوَاءِ» واته: «خودایە لە ڕەوشت وئارەزوو وکردەوە ونەخۆشیە چەوت وخراپەکان بە دوورم بگرە».

80 «اللَّهُمَّ قَنِّعْنِي بِمَا رَزَقْتَنِي، وَبَارِكْ لِي فِيهِ، وَاخْلُفْ عَلَيَّ كُلَّ غَائِبَةٍ لِي بِخَيْرٍ» واته: «خودایە قەناعەتدارم بکە لەو ڕزقەی پێمت بەخشیوە، وبەرەکەتم پێبدە تێیدا، ولە بەرامبەر هەرشتێک کە نیمە خێرم پێببەخشە».

81 «اللَّهُمَّ حَاسِبْنِي حِسَاباً يَسِيراً» واته: «خودایە لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکە بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان».

82 «اللَّهُمَّ أعِنَّا عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ» واته: «خودایە یارمەتیم بدە لەسەر ئەوەی کە یادت بکەم و سوپاستت بکەم و بە چاکی پەرستشت بۆ بکەم».



83 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ إِيمَانًا لاَ يَرْتَدُّ، وَنَعِيمًا لاَ يَنْفَدُ، وَمُرَافَقَةَ مُحَمَّدٍ -صلى الله عليه وسلم- فِي أَعْلَى جَنَّةِ الْخُلْدِ» واته: «خودایه من داوای ئیمانێکت لێ دەکەم کە هەڵگەڕانەوەی تێدا نەبێت، ونیعمەتێک کۆتایی نەیەت، وهاوەڵبوون لەگەڵ پێغەمبەرەکەت (موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-) لە پلە بەرزەکانی بەهەشتی هەتاهەتایی».

84 «اللَّهُمَّ قِنِي شَرَّ نَفْسِي، وَاعْزِمْ لِي عَلَى أَرْشَدِ أَمْرِي، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا أَسْرَرْتُ، وَمَا أَعْلَنْتُ، وَمَا أَخْطَأْتُ، وَمَا عَمَدْتُ، وَمَا عَلِمْتُ، وَمَا جَهِلْتُ» واته: «خودایە لە شەڕی نەفسم بمپارێزە، وسووربوونم پێببەخشە لەسەر -کردن و ووتنی- باشترین شت کە هۆکاری ڕێنمونی وهیداتدانمە، ولێم خۆش بە لە گوناهە نهێنی وئاشکرا وهەڵەکانم وئەو گوناهانەی بە ئەنقەست کردوومە، وئەوەی زانیومە یان نەمزانیوە».

85 **«اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الْعَدُوِّ، وَشَمَاتَةِ الْأَعْدَاءِ» واته: «خودایە پەنا بە تۆ دەگرم: لە گیرۆدەیی بەدەست قەرزارییەوە، ولە زاڵبوونی دوژمن بەسەرمدا، ولە دڵخۆشبوونی دوژمنەکان بەهۆی ئەو بەلا وناخۆشیانەی بەسەرمدا دێت».**

86 «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، وَاهْدِنِي، وَارْزُقْنِي، وَعَافِنِي، أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ ضِيقِ الْمَقَامِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ» واته: «خودایە لێم خۆش بە، وهیدایەتم بدە، وڕۆزیم بدە، وعافیەتم -سەلامەتیم- پێ ببەخشە، و پەنا بە تۆ دەگرم لە ناڕەحەتی وەستان لە ڕۆژی قیامەت».

87 «اللَّهُمَّ مَتِّعْنِي بِسَمْعِي، وَبَصَرِي، وَاجْعَلْهُمَا الْوَارِثَ مِنِّي، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ يَظْلِمُنِي، وَخُذْ مِنْهُ بِثَأْرِي» واته: «خودایە ئاسوودەییم پێببەخشە لە بیستن وبینین وبیکە بە میراتگرم، وسەرم بخە بە سەر ئەوەی ستەمم لێدەکات، وتۆڵەی منی لێ بکەرەوە».

88 «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِيشَةً نَقِيَّةً، وَمِيتَةً سَوِيَّةً، وَمَرَدًّا غَيْرَ مَخْزٍ وَلا فَاضِحٍ» واته: «خودایە من داوای ژیانێکی پاک، ومردنێکی باشت لێدەکەم، وگەڕانەوە بۆ قیامەت بە بێ زەلیلی وبێ ئابڕووچوون».

89 «اللَّهُمَّ أَحْسَنْتَ خَلْقِي، فَأَحْسِنْ خُلُقِي» واتە: «خودایە هەروەکو چۆن شێوە وڕواڵەتو جوان کردووم، بەو شێوەیەش ڕەوشتم جوان بکە».

90 «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ» واتە: «خودایە لە پیاوان وئافرەتانی ئیماندار خۆش بە».

91 «اللَّهُمَّ ثَبِّتْنِي وَاجْعَلْنِي هَادِياً مَهْدِيًّا» واتە: «خودایە جێگیر ودامەزراوم بکە وڕێنمونیم بکە -هیدایەتم بدە- وبم کە بە ڕێنمونیکار -بە هیدایەتدەر-».

92

«اللَّهُمَّ آتِنِي الحِكْمَةَ الَّتِي مَنْ أُوتِيهَا فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا» واتە: «خودایە ئەو حیکمەت ودانایەم پێببەخشە؛ کە بە هەرکەسێکت بەخشیبێت ئەوا بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە».

وخودا زاناترە، وصلى الله وسلم على نبينا محمد.

*********



# تعرف على الإسلام
# بأكثر من 100 لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

ترجمات متقنة لمعاني القرآن الكريم بأكثر من (75) لغة

بيان الإسلام
byenah.com

مواد منتقاة للتعريف بالإسلام وتعليمه بأكثر من (120) لغة

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

ترجمات متقنة للأحاديث النبوية وشروحها بأكثر من (60) لغة

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

مواد منتقاة للحجـــــاج والمعتمرين و الزوار بلغات العالم

جامع المحتوى الإسلامي باللغات
islamcontent.com

مواد إسلامية متنوعة وشاملة بأكثر من (125) لغة

موسوعات وخدمات إسلامية باللغات
s.islamenc.com

للمزيد
من المواقع الإسلامية
بلغـــــات العــــالم

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات